www.kurdistannet.org
7-3-2003 20:37



## لە بەرپەرچدانەوەی هێرشی داگیرکەراندا
## هاوسەنگەری براکانمان دەبین

لەوەتی کێشەی نێوان ئەمریکا و عێراق پێی ناوەتە ئاستێکەوە کە ئەگەری پەلاماری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر عێراق، بووەتە شیمانەیەکی بەهێز، دەوڵەتی ترکیە بە کەڵك وەرگرتن لەو بارودۆخە، لە خۆسازداندایە بۆ ئەوەی هێزەکانی بڕژێنێتە کوردستانی باشورەوە و ناوچەکانی بەر فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان داگیر بکا.

کاربەدەستانی دەوڵەتی ترکیە هەر جارێ بە ناوێکەوە پاساو بۆ ئەم نیازە داگیرکەرانەیەیان دێننەوە. جارێك بەناوی "پێشگیریی لە دامەزرانی دەوڵەتی کوردی لە باکوری عێراق" و چەلێك بەناوی "پاراستنی تورکمانەکانی باکوری عێراق" و دەمێك بەناوی "پێشگیری لە شەپۆلی پەنابەارنی عێراق بۆ ناو خاکی ترکیە".

بەڵام لە راستیدا هەموو ئەوانە بیانووگەلێکی بێ بناغەن کە دەوڵەتی ترکیە بە ئامانجی داگیرکردنی کوردستانی باشور و کۆتایی هێنان بەو فەرمانڕەواییە نیشتمانییەیە کە کوردەکانی کوردستانی جنوبی و گەلانی نیشتەجێی سەر ئەو خاکە ١٢ ساڵە پێکیان هێناوە. دەنا، سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی باشور لە مێژە سیستەمی فیدرالیی وەك جۆری پێوەندیی گەلی کوردستان و حکومەتی ناوەندیی عێراق هەڵبژاردووە و رایگەیاندووە کە پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی بەدەستەوە نییە. هەروەها برا تورکمانەکانیش بەبێ هیچ هەڵاواردن و تۆفیر خستنێك، مافی یەکسان و وەك یەکیان لەگەڵ باقی دانیشتوانی کوردستان دەستەبەر کراوە و مافە تایبەتیە نەتەوەییەکانیشیان دابین کراوە. ئەو مافانەی کە دەوڵەتی ئەنکارا هەرگیز بە کوردەکان و گەلانی غەیرە ترکی ترکیەی رەوا نەبینیوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، بەری خەباتێکی دوور و درێژ و سەخت و دژواری گەلی کوردستانە لەو پارچەیەی نیشتمان و جێگەی هیوا و هومێدی هەموو نەتەوەی کوردە

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
7-3-2003 20:37

له گشت پارچەکانیدا. بەم پێیە هەر دەسدرێژییەك بۆ سەری، پەلاماردانی هەموو نەتەوەی کوردە.

بۆیە، ئێستا کە خەڵك و سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی باشور بڕیاریانداوە رێگە لەهەر دەسدرێژییەکی داگیرکەران بگرن و هەر پەلامارێکی دەوڵەتی ترکیە لێبڕاوانە بەرپەرچ بدەنەوە، یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانRUK رادەگەیەنێ کە لەم ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانیەدا، ئامادەیە هەموو هێز و توانای خۆی بخاتە خزمەت پاراستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شان بە شانی رۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە باشوری نیشتمان، بەرەنگاری هێرشی داگیرکەران ببێتەوە. دڵنیاشین بە یەکێتی کردار و هەڵوێستی حیزب و لایەنە کوردستانییەکان، نەتەوەکەمان لەم تاقیکارییە مێژوییە، سەربڵیند و سەرکەوتوو دەر دەچێ.

RUK هەر لەوکاتەدا، داوا لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و یەکێتی ئوروپا و بەرێوەبەرایەتی دەوڵەتی ئەمریکا دەکا، کاربەدەستانی ترکیە بۆ دەسهەڵگرتن لەم سەرەڕۆییە بخەنە ژێر گوشارەوە و رێگە لە ئاڵۆزتر بوونی هەرێمەکە بگرن.

**کۆمیتەی ناوەندیی**

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**١٧/ رەشەمەی ٢٧٠٢**

**٨/ ئاداری ٢٠٠٣**